# بەڕێز سەرۆكی كۆمار ئەگەر ئیمزاشی ناكەی ئاسانكاربە

جەوهەر نامق سالم



چاوپێكەوتنەكەی بەڕێز سەرۆك كۆماری عێراق لەگەڵ رۆژنامەی (الاهرام)ی میسری ژمارە 44172 لە 2007/11/14 سەرنجی راكێشام، بەتایبەتی لەوەڵامی پرسیارێكی (اسامە سرایا)ی سەرنووسەری رۆژنامەكە سەبارەت بە سوڵتان هاشم. بەڕێز سەرۆك كۆمار دەڵێت:(نحن معارچون لٛعدامە- ئێمە دژی لەسێدارەدانی ئەوین)، (انا اعتقد انە چابگ عراقی قدیر وقد نفژ الاوامر الصادرە من صدام حسین وهو عسكری لایستگیع مخالفە الاوامر- من لەو بڕوایەدام ئەو ئەفسەرێكی بەڕێزەو ئەو فەرمانانەی جێبەجێكردوون كە لەلایەن سەددام حوسێنەوە دەرچوون، ئەویش كەسێكی سەربازی بووەو نەیتوانیوە فەرمانەكان جێبەجێ نەكات)..،(وانا لن اوقع علی اعدامە- من بڕیاری لەسێدارانی واژۆ ناكەم)..، (انا شخصیا چد مبداو حكم الاعدام وانا موقع علی وپیقە دولیە تدعو لٛلغاو حكم الاعدام- من دژی بنەمای لەسێدارەدانم‌و پەیماننامەیەكی نێودەوڵەتی دژی لەسێدارەدانم واژۆ كردووە).

پێش ئەوەی بێمە سەر ناوەڕۆكی وەڵامەكەی بەڕێز سەرۆك كۆماری عێراق جارێ با بزانین (سوڵتان هاشم) كێیەو چكارەبووە:

فەریق روكنی یەكەم (سلگان هاشم احمد الگائی) بە رەگەز عەرەبەو لەدایكبووی ساڵی 1942ی شاری مووسڵەو لەخێڵی (الگی)ەو، سوننە مەزهەبەو دەرچووی كۆلیژی سەربازی عێراقە لەساڵانی شەستەكاندا،ساڵی 1975 پەیمانگای ئاسایشی نیشتمانی(معهد الامن الوگنی)سەربازیی بەغدای تەواوكردووە(لێكۆڵینەوەكەی لەسەر هەواڵگری سەربازیی-الاستخبارات العسكریە) بووەو، پلەی (ركن)ی پێ بەخشراوە. وەكو ئەفسەرێكی بڕوا پێكراوی بەعس گشت پلە سەربازییەكانی بریوە لە، ملازمەوە تاوە كو فەریق یەكەمی روكن.

لەنێوان ساڵانی 1980-1988 بە پلەی ئامر لیواو قائید فیرقەو قائید فەیلەق لەگشت قۆناخەكانی شەڕی عێراق‌و ئێران‌و شەڕی كوردو شەڕی كوێت بەشداربووەو، لەپاش شكستە ئابرووبەرەكەی سوپای عێراق لە كوێت، سوڵتان هاشم سەرۆكی لایەنی عێراقی بوو لەگفتوگۆكانی سەفوان‌و ئیمزاكردنی شەرت‌و مەرجەكانی فەرماندەی هێزەكانی ئەمریكا جەنراڵ شوارزتسكۆف، كە بەتەسلیمبوونی خیوەتەكەی سەفوان (خیمە صفوان) ناسراوەو، پاش ئەوە سەددام ناوبراوی كردە جێگری سەرۆك ئەركانی سوپاو، ساڵی 1995 كردییە وەزیری بەرگری عێراق‌و، وەك یەك لە ئەفسەرە هەرە نزیكەكانی سەددام حسێن لەوپۆستەدا مایەوە، تاوەكو دوا رۆژی حوكمڕانی ئەم دیكتاتۆرە. كە ئەمریكا عێراقی رزگار كرد لە 2003/4/9، سوڵتان هاشم یەك لەو (55) كەسەی سەرانی رژێم بوو كە فەرماندەیی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق، فەرمانی گرتنیانی دەركرد، چ بە زیندوویی یان بە مردوویی. لەزنجیرەی ئەو ناوانەدا سوڵتان هاشم ژمارە (27) بوو.

هێشتا هەندێ لە قسەكانی ناوبراومان لەیاد ماوە، كە پێش هەڵمەتی پرۆسەی ئازادیی عێراق دەیكرد، بەرامبەر دەزگاكانی راگەیاندن خۆی هەڵدەكێشا و هەڕەشەی لە ئەمریكا دەكرد بە"الجبناو ومستعبدی العالم (ترسنۆك‌و كۆیلەكەرانی جیهان)... وسوف نمرغ انف امریكا ڤی الوحل (كەپووی ئەمریكا دەخەینە ناو چڵپاوەوە)". كەچی هەر لەسەرەتای رۆژانی یەكەمی شەڕ، رایكردو خۆی شاردەوەو لە 19/ 2003/12 لەمووسڵ خۆی تەسلیمی، میجەر جەنراڵ دیێڤد پاتریۆس فەرماندەی ئەودەمی فیرقەی 10ی ئەمریكا كرد، كە ئێستا فەرماندەی گشت هێزەكانی ئەمریكاو فرەڕەگەزەكانە لەعێراق.

بەوپێیەی كە لەبازنەی نزیكی سەددام‌و جێی باوەڕ و گوێرایەڵی بوو، سوڵتان هاشم لەسەرەتای شاڵاوە رەگەزپەرستییەكەی بەعسی فاشی دژی كورد، بەتایبەتی لەخوارووی عێراقەوە گوێزرایەوە بۆ كوردستان‌و لەگشت هێرشەكانی پرۆسەی (ئەنفال) كردنی خەڵكی كوردستان لەساڵی 1988بەشدار بووە، چ وەكو فەرماندەی فەیلەقی 5و چ وەكو فەرماندەی فەیلەقی یەك‌و تاوەكو دوارۆژی دادگایی كردنی ناوبراو شانازی بەئەنجامدانی هێرشەكانی ئەنفالەوە دەكردو بەئەركێكی نیشتمانی پیرۆزی دادەناو، دەڵێن كچێكی خۆیشی ناوناوە (ئەنفال)!

جێگای داخە ئەفسەرێكی شۆڤێنی‌و منداڵ‌و ئافرەت كوژو جینۆسایدكەری كوردو ترسنۆك‌و هەڵاتوو لەبەرامبەر سوپای بێگانەدا، وا

وەسفبکرێو هەوڵیش بدرێ بکرێتە پاڵەوان‌و مەزلوم‌و لەسزای گەل‌و یاسا رزگار بکرێت..!

داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەین سەبارەت بەم پێشەکییە، کە بەش بەحاڵی خۆم بەپێویستم زانی، پێش ئەوەی بێمە سەر ناوەڕۆکی ئەو رستانەی سەرەوەو هەوڵەکانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بەتایبەتی بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی حوکمی دادگا بەسەر تاوانبار سوڵتان هاشم‌و عەلی کیمیایی‌و حسێن رەشید تکریتی... تدا.

وەکو ئاشکرایە سوڵتان هاشم وەك یەك لەتاوانبارانی ئەنفالکردنی زیاتر لە 182 هەزار کوردی بێ تاوان، لەگەڵ (عەلی کیمیایی‌و حسێن رەشید تکریتی) درانە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق‌و، لە 2006/8/21، دادگای ناوبراو دەستیکرد بە دادگاییکردنیان‌و، لەچەندین دانیشتنی دادگادا بەئامادەبوونی دەیان هاووڵاتی کوردستان کە خۆیان، یان خۆیان‌و کەسوکاریان قوربانی ئەو تاوانانە بوون‌و، لەڕێگای چەندین نووسراوو فیلمی ڤیدیۆو بەڵگەو دیکۆمێنتی فەرمی جیاجیاو بە ئامادەبوون‌و هەڵسەنگاندنی چەندین پسپۆری عێراقی‌و بیانی لەبواری چەکی کۆکوژو گۆڕی بەکۆمەڵ لەدادگادا، دادگایی کران. دەڵێن لەپاش هەر هەموو ئەمانەو دانپێدانانی تاوانباران بەبەشداریکردنیان لەکردەوەکانی ئەنفال‌و، دوای 61 دانیشتنی کراوە لەرۆژی 2007/6/24 دادگا حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر (عەلی کیمیاوی، سوڵتان هاشم‌و حسێن رەشید تکریتی)دا. لە 2007/9/5 دادگای تێهەڵچوونەوە (تمییز) ئەو حوکمەی پەسەند کردو بەپێی برگەی 2ی ماددەی (27)ی یاسای ژمارە 10ی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەبوایە ئەو حوکمە لەماوەی 30 رۆژدا جێبەجێبکرێت (لەرۆژی پەسەندکردنی لەلایەن دادگای تەمییزەوە)، بەپێچەوانەوە هەر دوای ئەوە هەڵمەتێك دژی جێبەجێکردنی ئەو حوکمە دەستی پێکردو تاکو ئەمڕۆیش بەردەوامەو، جەمسەری ئەو بەرهەڵستکارییە زیاتر لە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بەدی دەکرێت‌و لەناو ئەوانیشدا پەنجە بۆ بەڕێزان سەرۆك کۆمار تاڵەبانی‌و تارق هاشمیی رادەکێشرێت‌و، جێگرەکەی دیکە واتە عادل عەبدولمەهدی سوورە لەسەر جێبەجێکردنی سزاکە.

لەسەرەتای باسەکەمان ئاماژەمان بەدەقی قسەکانی بەڕێز سەرۆك کۆماری عێراق کرد: (نحن معارجون لاعدامه).

پاساوەکەران (فەریقی روکنی یەکەم سوڵتان هاشم)یان کردووەتە سمبۆل بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی سزاکان‌و چ بە عەفوکردنی یان سوککردنی سزاکەی، لەکاتێکدا دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، 4 سزای لەسێدارەدانی بەسەر سوڵتان هاشمدا سەپاندووەو، تاوانەکانیشیی جێنوسایدو کوشتنی بەکۆمەڵن...، ئەمانەش تاوانی نێودەوڵەتین.

لەنێو پاساوەکانی هەردوو جەمسەر خاڵی هاوبەش‌و جیاواز بەدی دەکرێن لەوانەش:

1- جێبەجێکردنی سزای لەسێدارە دان پێویستی بە مەرسوومێکی کۆماریی هەیە.

2- سوڵتان هاشم، سەربازەو فەرمانی سەرەوەی خۆی جێبەجێکردووە، واتە (سەددام)، بەرپرسیارە لەو تاوانانە نەك ئەو.

3- سەرۆك کۆمار نازانم وەکو پارێزەرێك یان وەکو سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئەندامە لە سۆسیال ئینتەرناشناڵ، پێش دامەزراندنی لەپۆستی سەرۆك کۆماری عێراق، ئیمزای دۆکومێنتێکی کردووە سەبارەت بە قەدەخەکردنی لەسێدارەدان‌و گوایە ئەم هەڵوێستە وایکردووە کە نزیکی پەسندکردنی‌و ئیمزاکردنی لەسێدارەدان نەکەوێتەوە.

4- گوایە سوڵتان هاشم، پێش تەسلیم بوونی بەڵێنی لە ئەمریکییەکان وەرگرتووە کە دەیپارێزن، یان گوایە پێش قۆناخی رزگاری عێراق پەیوەندی بە ئەمریکییەکانەوە کردووە... هتد.

5- جێبەجێکردنی سزاکە کاردانەوەیەکی سلبی دەبێت لەسەر پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی..!

بەش بەحاڵی خۆم گازندەم لەهەڵوێست‌و پاساوەکانی تارق هاشمی نییە. ئەوە ئەرك‌و وەزیفەی تایبەتی خۆیەتی دەیبینێت، بەڵام وەك هاووڵاتییەکی کوردستان رووی گلەیی‌و گازندەکانمان لە بەڕێز سەرۆك کۆماری عێراق دەکەین، وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان بۆ ئەو پۆستە. جارێ بۆ وەسفکرنی ئەو تاوانبارە بەو شێوەیەو پاشتر رۆڵی لە جێبەجێکردنی سزاکەو دواجاریش هەڵوێستی لە پرەنسیپی لەسێدارەدان.

سوڵتان‌و کیمیاوی‌و تکریتی‌و ئەوانەی دیکەش بەتاوانی ئەنفال حوکمدراون. ئەنفالیش تاوانێکە دەرحەق بەزیاتر لە 182 هاووڵاتی کوردستان ئەنجامدراوەو دەکەوێتە خانەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان. بەڕێز تاڵەبانیش دەرچووی کۆلیژی مافەو دوور نییە لە ئێمەو خەڵکانێکی دیکە زۆر_شارەزایی‌و ئاشنایی زیاتر بێت لەیاساو دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان‌و ماددەو برگەکانی دەستوورو یاساکانی ناوخۆ. بۆچی‌و لەسەرچی بەرهەڵستکاری لەسێدارەدانی (سوڵتان هاشم)ە؟ ئەگەر کێشەکە یاساییە با بزانین دەستوورو یاسا لەم بارەیەوە چی

دەڵێت:

أ- بڕگەی 2ی مادده (27)ی یاسای ژمارە (10)ی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، کێشەی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم دادگایەی یەکلایی کردووەتەوە: مادده (27- دووهەم) (لایجوز لّیه جهه کانت بما فی ژلك رئیس الجمهوریه اعفاو او تخفیف العقوبات الصادره من هژه المحکمه وتکون العقوبه واجبه التنفیژ بمرور (30) یوما من تأریخ أکتساب الحکم او القرار درجه البتات). و ماددەی (134)ی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقیش جەخت لەسەر مانەوەی ئەم دادگایە دەکاتو دەڵێت: (تستمر المحکمه الجنائیه العراقیه العلیا باعمالها بوصفها هیئه قچائیه مستقله، بالنقر فی جرائم النقام الدکتاتوری البائد ورموزه، ولمجلس النواب الغاؤها بقانون بعد اکمال اعمالها).

ب- دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماری  عێراق (سەرۆکایەتی)، سەبارەت بەم جۆرە کێشانە، بڕگەی (یەکەم)و (هەشتەم)ی مادده (73)ی دەستووری هەمیشەیی دیاری کردووە: مادده 73 دەڵیّ(یتولی رئیس الجمهوریه الصلاحیات التالیه: اولا": اصدار العفو الخاص بتوصیه من رئیس مجلس الوزراو، باسپناو مایتعلق بالخاص، والمحکومین بالجرائم الدولیه والارهاب والفساد المالی والاداری"، پامنا" المصادقه علی احکام الاعدام التی تصدرها المحاکم الخاصه".

بەپێی ئەم دەقانەو چەندین بەڵگەی یاسایی دیکەو ڕەوتی ڕووداوەکان ئەو پاساوانە بێ بنەمان چونکە:

1- حوکمی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق پاش پەسەندکردنی لەدادگای تێهەڵچوونەوە، دەبێت لەماوەی 30 ڕۆژدا جێبەجێبکرێت، حوکمەکەش قەتعییەو نە قابیلی هەڵوەشاندنەوەیەو نە سووککردنو دواخستنیش. بەپێی دەستوورو خودی یاسای ژمارە (10)ی دادگای باڵای تاوانەکان، سەرۆك کۆمار(سەرۆکایەتی کۆمار) بۆی نییە دەستکاری ئەو حوکمە بکات. ڕستەی (وتکون العقویه واجبه التنفیژ بمرور (30) یوما من تأریخ أکتساب الحکم او القرار درجه البتات) زۆر ڕوونە.

2- سزاکانی سوڵتان هاشم پەیوەستن بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان، واتە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کوشتنی بە کۆمەڵو ڕاگویزانو تاوانەکانی جەنگ.. تاد. ئەم جۆرە تاوانانەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بەشدارن لەنەخشەو فەرماندانو جێبەجێکردنیانو کار ئاسانیو چاوپۆشی.. تاد، برگەی (یەکەمی)ی ماددەی (73)ی دەستوور لەم بارەیەوە ڕوونە (..باسپناو مایتعلق بالخاص، والمحکومین بالجرائم الدولیه) کەواتە ناکرێ لێبووردنی بۆ دەربکرێ. هەروەها عێراق ئەو یاساو دیکومێنتە نێودەوڵەتیانەی قەبووڵکردووە، بەپێی ماددەی (8)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقو، دەبێت پابەندیان بێت. واتە سوڵتان هاشمو کیمیاویو گشت ئەوانەی تاکو ئێستا سزادراون بەتاوانی ئەنفال وەکو سەددام حسێن بەرپرسیارن لەتاوانەکانی ئەنفال.

سوڵتان هاشم بەشدار بووە لەنەخشەکێشانو جێبەجێکردن.. تاد، ئەگەر لەسەر ئەو پاساوە بڕۆین کە سوڵتان هاشم سەربازەو فەرمانی پێکراوەو ناتوانێت لێی دەرچێتو، ئەگەر جێبەجێی نەکردبایە ئەوە دەکوژرا هەروەکو سوڵتان هاشم خۆی لەیەکێك لەدانیشتنەکانی دادگادا درکاندیو، ناوەڕۆکی پاساوەکەی بەڕێز سەرۆك کۆمارییش ناڕاستەخۆ هەر وا دەخوێندرێتەوە. ئەوە حوکمەکانی دادگایی (نورمبرگ- 1945)و دادگای (تۆکیو- 1946) کە تەرخانکرابوون بۆ گەورە ئەفسەرانو لێپرسراوانی وڵاتانی میحوەر بەتایبەتی ئەڵمانەکانو یابانییەکان.. تاد، جگە لە دەیان دادگای نیشتمانی ئیتاڵیا لە بەریتانیاو فەرەنسا... هتد، کە هەزاران تاوانبار درانە ئەو دادگایانەو حوکمی جۆراوجۆریان بە سەردا دان. هیتلەرو مۆسۆلینیو سەرانی هەرەمی دەسەڵاتی یابان نەبوونە شەفیعی ئەوانەی خوارەوەیان. یان دادگایی کردنی (سلۆڤودان میلۆسۆفیچ)ی سەرۆکی یوگسلاڤیای کۆنو (رادۆفان کارادیچ)ی سربی نەبووە هۆی ئەوەی کە بڕیاری گرتنو دادگایی چەند بەرپرسێکی خوارەوەی ئەوان نەدرێت. ئەمە چ مەنتیقێکە ئەفسەرێك بەشداری کردبێت لەنەخشەو پلانی ڕاگوێزانو ناردنی زیاتر لە (182) هەزار کەسی بێ تاوانو بێ دەسەڵات بەرەو قڕکردنو، وێرانو تاڵانکردنی سەروەتو سامانیان، تەنیا بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات لە لێپرسینەوەی سەرەوەی خۆی؟!

3- سوڵتان هاشم لە 2003/12/19 لەمووسڵ خۆی تەسلیمی ئەمریکییەکان کرد، واتە پاش زیاتر لە 8 مانگ لە ڕزگاری عێراقو 6 ڕۆژ لەپاش دەستگیرکردنی سەددام حسێن. ئەگەر پەیوەندی هەبووە لەگەڵ ئەمریکییەکان بۆ هەر لەسەرەتاوە هاوکاریان نەبوو؟ یان بۆ ناوی خرابووە لیستی داواکراوانی ئەمریکاو ژمارەی (27)ی ئەو لیستە بوو؟، یان بۆ درا بەدادگا وەکو خەڵکانێکی دیکە تەرحیل نەکراو نەبرایە دەرەوە؟!. سەرەڕای هەر هەموو ئەمانە زیاتر لەجارێك وتەبێژی  هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق سەبارەت بەم لایەنە، وەسفی بەڵێنی جەنەراڵ پاتریوسی بە (انها غیر فعاله- ئێستا لەکاردا نییە) یان (نحن گلبنا منه الاستسلام وچمان سلامته اپناو الاستسلام فقگ ولایمتد الامر الی مایلی ژلك- ئێمە داوامان لێکرد خۆی بەدەستەوە بداتو سەلامەتییەکەی بپارێزین تەنیا لەکاتی خۆ بەدەستەوەدانیداو ئەوە

پەیوەندی بەماوەی دوای ئەوەوە نییە) دووبارەکردەوە. سیخوڕی CIA، ریك فرانكۆنا لەكەنالی (الجزیرە) پەیوەندی سوڵتان هاشمو هاوكاریكرنی لەگەڵیان رەتكردەوە. گوتی ساڵی 1996 لەرێگەی مام جەلالەوە پێوەندیمان پێوەكرد، بەڵام ئامادەنەبوو هاوكاریمان بكات.

3- هەروەها بەستنەوەی راگرتنی جێبەجێكردنی حوكمی لەسێدارەدانی ئەو تاوانبارانە بەئاشتبوونەوەی نیشتمانی، پێشێلكردنی دەستوورو یاساو واقیعە. سوڵتانو كیمیاویو گشت قاتیلانی كوردستانیو عێراقییەكان ماكی ناتەباییو ئاژاوەو تێكدانی نێوانی میللەتانی عێراقن،و هیچ یاساو رێسایەك رێگا نادات ئەوانەی كە سزا دراون بەفڕكردنو جێنوسایدی خەڵك، چاوپۆشیان لێبكرێتو هەوڵی رزگاركردنیان بدرێت لەسزاكانیان، كە چەند ماددەو بڕگەی دەستووری هەمیشەیی عێراق زۆر بەروونی رێ لەو پێشێلكارییە دەگرن.

بەڕێز مام جەلال ئازادە وەكو مرۆڤ چ هەڵوێستێك وەردەگرێت بەرامبەر سزای لەسێدارەدانو جێگای رێزو پێزانینەو دەبێت حورمەتی بگرین، بەڵام:

- دەستووری هەمیشەیی عێراق سزای لەسێدارەدانی مەنع نەكردووەو، لەكاتی داڕشتنەوەی دەستوور لەساڵی 2005 هەوڵێكی زۆر درا بۆ قەدەخەكردنی، بەداخەوە هەوڵەكان سەریان نەگرت. یاساكانی عێراقیش هەروەها سزاكەیان هەڵنەگرتووە، بەڵكو كاری پێدەكرێ.

- یەكێك لە ئەركەكانی سەرۆك كۆماریی نەك هەر پابەندبوونە بەدەستوور بەڵكو سوور بوونو چاودێریو جێبەجێكردنی دەستوورو یاساكانیشە. لەو رۆژەوەی جەنابی سەرۆك كۆماری عێراقە دەیان سزای لەسێدارەدان ئەنجامدراونو بەپێی بڕگە (8)ی مادده (73) دەبێت سەرۆك كۆمار پەسەندیان بكات. واتە یەك لەوەزیفەو ئەركەكانی جەنابیانە، جا چ راستەوخۆ خۆی ئیمزایان بكات یان دەسەڵاتەكە بداتە یەكێكی دیكە. ئەمە وەكو ئەوە وایە من خۆم تۆ ناكوژم، بەڵام ئەمر بەكەسێكی دیكە دەكەم تۆ بكوژرێی (دەسەڵاتەكەم بەكار بێنێت)!

- پۆستی سەرۆك كۆماری عێراق پۆستێكی كەسیی (شخصی) نییە، بەڵكو بە تەوافوق بەر كورد كەوتووە. بەڕێزی پاڵێوراوی لیستی هاوپەیمانی كوردستانە. خەڵكی كوردستان دەنگی پێداوە.راگرتنی جێبەجێكردنی سزای سوڵتان هاشمو كیمیاییو گشت كیمیاییەكانی وەك ئەوان، دژی داخوازو ویستی خەڵكی كوردستانەو بریندارکردنی هەستی كەسوكاری شەهیدانو ئەنفالكراوەكانو سوككردنی خودی تاوانەكەو كێشەكەیانە.زۆر جوان نییە بۆ نوێنەری كوردستان(سەددام، بەرزان، بەندەر، جەزراوی) بەتاوانی كوشتنی 148 كەس لەسێدار بدرێن رێگری نەكات، كەچی عەلی كیمیاییو سوڵتان هاشمو حسێن تكریتی كە تاوانباران بە كوشتنی زیاتر لە 182 هەزار مرۆڤی بێ تاوانی كورد، نوێنەری كورد لەبەغدا سوور نەبێت لەسەر جێبەجێكردنی سزاكەیان، بەڵكو رێگر بێت لەجێبەجێكردنی سزاكەیان بەبیانووی ئەوەی پێش چەند ساڵێك دۆكۆمێنتێكی ئیمزا كردووە. بەش بەحاڵی خۆم وەكو كوردێك بەدروستی نازانم نوێنەرانی میللەتەكەم دەسەڵاتی خۆیان بەكار نەهێنن یان تەحویلی كاربەدەستێكی دیكەی بكەن، ئەوە پێشێلكردنو رێزنەگرتنە لەپرنسیپی دەسەڵاتەكانی كارگێڕیو دادوەری. شانازی بوو بۆ نوێنەری كوردستان بە ئیمزای ئەو مەرسوومی جێبەجێكردنی سزای سەددامو یاوەرانی ئەنجامبدرایە، هەروەها سزای عەلی كیمیاییو سوڵتان هاشمو تكریتی. ئەمانە قاتیلی خەڵكی كوردستانو بەرپرسیاری تەعریبو تەبعیسو كاولكردنی زیاتر لە 4000 گوندو شارۆچكەی ئێمەو شێواندنی بنەمای كۆمەڵایەتیو ئابووریو قەوارەی نەتەوایەتیمانن. ئەمانەش پێشلكردنی بنەماكانی مرۆڤایەتیو ژینگەو سروشتو یاساپارێزین. پرنسیپی سزای لەسێدارەدان ماوەو دیارە هەر دەمێنێت، باشتر وایە جەنابی مام جەلال، چارەیەك لەم حاڵەتە بكات، یان پاشگەز ببێتەوە لەو هەڵوێستەو سزاكان واژۆ بكات یان رێگر نەبێت، یان خۆی لەو پۆستە رزگار بكات.

ئەگەر بەتەمای چاكسازی یاساییو گۆڕینی بڕگە(2)ی مادەی (27) یاسای ژمارە (10)ی دادگای باڵای سزاكانی عێراقیشبن، دیارە تاكو ئێستا لەئەنجوومەنی نوێنەران مەحالە. چاكسازی دەستووریش زۆری ماوە. ئەگەر دەربازیش بێت ریفراندۆمی لەبەردەمە..! با خوێنی 182 هەزار كەسی ئەنفالكراومانو ئەنفالی بارزانییەكانو فەیلییەكانو خوێنی گەشی 5 هەزار كەسی هەڵەبجەی شەهیدمان نەكەینە قوربانی ململانێی دەسەڵاتو گەمەیەكی سیاسیو كارتی سازشكردن! زۆر سازشكرا ئیدی بەسە!

لێرەدا جێگای خۆیەتی رووبكەینە سەركردایەتی فەرمی هەرێمی كوردستان بەتایبەتی سەرۆكایەتی هەرێمو سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمو پەرلەمانی كوردستان، باشە ئەگەر سەرۆكایەتی كۆمارو گوایە ئەمریكیەكان بوونەتە كۆسپ لەسەر رێگای جێبەجێكردنی سزای لەسێدارەدانی ئەو تاوانبارانە، ئێوە بۆ ئەوەندە بێ دەنگن سەبارەت بەدواخستنی ئەنجامدانی سزای ئەو تاوانبارانەی ئەنفال. ئەو كشووماتیەی راگەیاندنو بایەخ نەدانی حیزبو رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی كوردستان لەچی و بۆچی؟، بەتایبەتی ئەوانەی كە ئەركی بەرگری لە مافو كێشەی ئەنفالكراوەكانیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان، یان وەزارەتی كاروباری شەهیدانو نەنفالكراوان (هەرچەندە

بیستوومە ئەو وەزارەتە داوای هەڵوێستیان کردبوو). ئەی ئێوە رۆشنبیرانو خامە ئازادەکانی گەلەکەمان، قوتابیانو خوێندکارانو لاوانی خۆینگەرمو لێپرسراوانی دوارۆژمان بۆ دەنگی نارەزایی بەرزناکەنەوە. مەجال نەدەن سازش لەسەر خوێنی شەهیدانو موقەدەساتی خەڵکی کوردستان بکرێت. رەوا نییە تورکی رەگەزپەرستو کەمالیستو تۆرانی قەیرانی ململانێی ناوخۆی خۆیانو داخی بڕیاری تاوانبارکردنیان لەلایەن ئەمریکاوە سەبارەت بە قڕکردنی ئەرمەنیەکان، بە کوردو هەرێمی کوردستان برژێنن. ململانێو گەمە سیاسییەکانی نێو دەسەڵاتی فەرمی کۆماری عێراقو باڵەکانیان دەبێت کورد نرخی بدات. بۆ کێ..؟ بۆ (سلگان هاشم احمد الگائی) .ئەو سوڵتانە ئەوە رابردووی بێتو لەخێلی (الگی) بێتو (الگی)یش لەو خێڵە عەرەبانەن کە سەرەرمی تەعریب بوون لە کوردستانو زۆریان لەریزی (فرسان الولید)دا بوون. کەس هەیە لە کورد سەرۆك جاش (شێخ حەنش) کە سەرۆکی خێلی (الگی) بوو لەیاد نەبێت، کە چۆن پێشمەرگەکانی کوردستان لە 1968/4/13 سزای گەلیان بەسەردا سەپاند.

شەرمە بۆ ئێمەی کوردستانی، عەرەبی شیعە لەبەغداو خوارووی عێراق خۆپیشاندانو کۆرو کۆبوونەوە ساز بکەن بۆ جێبەجێکردنی حوکمی دادگا بەسەر عەلی کیمیاییو سوڵتان هاشمو حسێن رەشید تکریتیو، کوردستانییەکانیش بێدەنگو تەمشاکەرو تا حەدێکیش رێگربن..!

2007/11/18